www.kurdistannet.org
8-1-2003 1:33

# میر نەورۆزی لوڕستان

یاسین بانیخێلانی

من بۆ خۆم لەناو مێژوو ئەدەبیاتی لوڕستاندا ناوی میر نەورۆز و گەلێك شاعیری تری ئەو ناوچەیم بیستبوو. بەڵام بەداخەوە سەرچاوەیەکی وام دەست نەکەوت، کە بتوانم ژیان و بەرهەمی ئەم شاعیرەی تیا بدۆزمەوە، ڕەنگە تەمەڵی و کەمتەرخەمی خۆیشم بوو بێت.

ئەوەی من لەناو مێژوو، ئەدەبیات و زمانی لوڕستاندا تا ئەو جێگایەی لە هزرمدا ماوە تەنها پاش ناوی ئەو شاعیرەیە واتە (نەورۆزی) بەڵام پاش ئەوەی دۆستێك دیوانێکی لوڕی بۆ هێنام تێگەیشتم، کە دوو شاعیر لە ناوچەی لوڕستاندا هەمان نازناویان هەیە، یەکێکیان: (میر نەورۆزی لوڕستان) ە و ئەوی دییان (دەروێش نەورۆزی سۆرانی) ە. لە نێوان شیعری ئەم دوو شاعیرەدا جیاوازییەکی دەڤۆك (شێوە ئاخافتن) ی بەرچاو هەیە، چونکە دەروێش نەورۆز شێوە نووسینەکەی زیاتر لە زاراوەی (گۆران) ەوە نزیکە و میر نەورۆزیش وشەگەلی فارسی زۆر لەشیعرەکانیدا بەرچاو دەکەوێت، ئەگەرچی لەو دیوانەیدا، کە ئێستا لەبەر دەستی مندایە زیاتر بە فارسی شیعری گوتووەو بەرهەمە فارسییەکانی لە لەلوڕی زیاترن. ڕەنگە هەر ئەمەش ئەو شاعیرە لە شاعیرەکانی تری لوڕستان وەك: (بابە لوڕی لوڕستان، بابە ڕەجەبی لوڕستان، مەلا پەرێشان، بابە تاهیری هەمەدان و بابە نجومی لوڕستان) و چەندین شاعیری تری ئەو ناوچەیە جیا دەکاتەوە، هۆکەیشی بە ڕای من ئەگەرچی ئێرە جێگای نییە ڕەنگە پەیوەندی زیاتری بە ئایینی ئەهلی حەق و کتێبی پیرۆزی (سەرئەنجام) ەوە هەبێت، چونکە زۆربەی شاعیرانی لوڕستان لە ژێر کاریگەری ئەو ئایینەداو بە تایبەتیش (جەلالە خانم) ی دایکی (شاخۆشین) شیعریان نووسیوە.

پێش ئەوەی بچمە سەر شیعرەکانی میر نەورۆز حەزدەکەم ئەوە ڕوونبکەمەوە کاتێك دەڵێم: وشەگەلی فارسی لەناو شیعرەکانی میرنەورۆزدا بەزەقی دیارن دەڤۆکە سەرەکییەکانی لوڕیم لەبەر چاو گرتووە وەك:

ا– مامەسێنی ب– کێوە گێلو ج– بەختیاری د– لوڕی ئەسڵ ج– لوڕی بچوك

ئەگەرچی هەریەکێك لەمانەیش چەندین لقی تری لێ دەبێتەوە، کە بە پێویستم نەزانی لەسەری بڕۆم.

**<u>هەڵبژاردەیەك لەو شیعرانەی میر نەورۆز بە لوڕی نووسیونی:</u>**

* **<u>با داوما جامتە شن را نبات دیمە</u>** **<u>چی گیا نمی باران لیوە بیمە</u>**

با دامێنی کراسەکەتی هەڵداو ڕانت کەوتە بەرچاوم وەك گیای تینوی شێت بۆ بارانم لێهات بۆت

تایەر بەگی جاف دەڵێ:

<u>لە ئاهی من ترازا دوگمەی سوخمەی گوڵنارین کەچی دەستی لەسەر دانا، لەسەیری باغ و بەی کردین</u>

لێرەدا تایەر بەگ هەناسەی ئەکاتە ئامرازێك بۆ ترازاندنی دوگمەی سەر سینەی ئەو کەسەی مەبەستێتی، هەتا بتوانێت مەمکی ببینێت، بەڵام نەورۆزی با (هەوا) ئەکاتە ئەو ئامرازە هەتا دامێنی کراسی ئەو کەسەی مەبەستێتی هەڵداتەوەو ڕانی نەرم و شڵی ببینێت.

* دلکم بی مونس نسار الون برف کهنش و جایی، نو سرش ون

www.kurdistannet.org
8-1-2003 1:33

دڵم هێشتا له نسێی کێوی ئەڵوەنداو
بەفری کۆن نەڕەویوەتەوە، تازەشی هاتە سەر

* زمسونی چونکه سختی زیتری رو
کشتمه برف نسار و سایقه شو

زستانی سـەخـت زوو بـڕۆ، چونکه
بەفری نزارو ساماڵی شەو کوشتمی

* ســوز سی چشــی نمیره بــرارت
یه پسونه یا دو لیموهی دیارت

ئەی سەوزەی چاو ڕەش، برات نەمرێ
ئەو دوو مەمکن یا دوو لیمۆ له گیرفانتدا

* ســفریم د ســفره تـا ماه نوروز
بار الها برسو سالن و بی روز

کاروانیم و له سەفەردام تا مانگی نەورۆز
بەڵکو خوا بیبات و بیهێنێت یەك ساڵ بە یەك ڕۆژ

*حاجیو حاج میرن مه حج ندارم
حج مه زولف تونه دس وش بیارم

حاجیەکان ئەڕۆن بۆ حەج، من حەجم نییە
حەجی من زوڵفی تۆیە، کاتێك دەستی پیا دێنم

* کهکشان برمت، کوه جفت خالت
زل روز چشیات، قرص مه جمالت

کاکێشان برۆکانت، پەروین خاڵانت
ئەستێرەی گەلاوێژ چاوانت، مانگیش ڕوخسارت

* روزگار چی باد و باد چی روزگاره
روزگار چی باد صرصر میگواره

ڕۆژگار چۆن بابە، بایش ئاوا ڕۆژگارە
بەڵام ڕۆژگار ئەمێنێت و بای زەبەن تێپەڕ ئەبێت

* کـوک کـهساری باز اومـا و نخجر
ار وفاداری کنج خلوتی بیر

ئەی کەوی کۆسار باز بۆ ڕاوت دێت
ئەگەر وەفاداری خۆت پەنهان بدەو کونجێ بگرە

* چشیات چی چش مار پرونه داره
و هر کەسیل بکنی نجات نداره

چاوەکانت وەك چاوی مار وەهان
نیگای هەر کەسێ بکەن ڕزگاری نابێ

* کولائی سیت بونم د برگ پینه
چشیات دنارکی افتو نوینه

کەپرێکم له گەڵای پونگڵە بۆ دروست کردوی
هەتا هەتاو چاوانی نازکت نەبینێ

* میترسم أی کویانه برف بنشینه
بادو بوران ورکنه کس کس نوینه

ئەترسم لەم کۆسارە بەفرێ بباریێ
ببێتە کرێوەو کەس کەس نەبینێ

* ناونم بخت منه یا هی چنینه
هر کجا پا مینیم سیا زمینه

نازانم بەختی منه یا هەر خۆی وایە
بۆ هەر کوێ ئەڕۆم چارە ڕەشییە

* هر گلی که گل چینیش بی و هزاره
او گلن پرتش کنید که بو نداره

هەر گوڵێك، کە هەزاران گوڵچنی بۆ خۆی پەیدا کرد
بێگومان ئەو گوڵە بۆنی نامێنێ

* هر مکانی که نداره چش سیاهی
او مکانن در کنه باد فنائی

هەر جێگایە چاو ڕەشی لێنەبوو
با ئەو جێگا بە فەنا چێ

* هرکسی یادم کنه یادش وخیر با
سی دیار دوس روم او سرو دنیا

هەرکەسێ یادم بکا یادی بە خێر
بۆ دیداریش دەگەینەوە بەیەك لەو دونیا

له کۆتاییدا هەر ئەوەندە ماوە بیڵێم: من نەهاتوم بەیتەکان وەرگێڕانی پیتی بکەم و لەبەر (وەزن و قافیە) ناوەڕۆکی شیعرەکان بکوژم، ئەوەندەی توانیمە ناوەڕۆك و مەبەستی شیعرەکانم وەرگێڕاوە، ئەگەر کەم کورتییەکیش هەبێت بە دڵێکی فراوان و گەورەوە لێم بگرن و بم بەخشنز

**سەرچاوە**

دیوان میر نوروز، شاعر معروف لرستان (بتصحیح و اهتمام : اسفندیار عضنفري امرائی. چاپخانه خودکار– دانش خرم اباد ١٣٤٧

www.kurdistannet.org کوردستان نێت